# ئاسایشی سلێمانی بۆچی بەشەق و زلە و سوکایەتی کردن هێرشیان کردە سەرمان!!!

شەوی ڕابردوو کە دەکاتە بەرواریی 26-2006/11/27 پۆلێك لە ئاسایشی یەکێتی نیشتمانی کە نزیك بە 15 پازدە کەسێك دەبوون .... لەگەڕەکی ئازادی لە سەر شەقامی سی مەتری .... دایان بە سەرماندا بێ ئەوەی هیچ پرسیارێکمان لێ بکەن , بە شەق و بۆکز کەوتنە ویژەی چەند کەسێکمان ... هەرکەس دەمی بکردایەتەوە و بیوتایە ئەرێ بۆ وامان لێدەکەن و لەبەر چی ...بەر شەق و بۆکزیان دە داین و چ جنێوێکیان بە دەمدا بهاتایە پێیان دەداین.... ئیمە کە 5 پێنج هاورێ بووین بە ناوەکانی (ڕێبین فاروق و کاوان عومەر و ڕێباز فاروق و ئامانج یاسین و هێمن سالح) لە شوێنی ئیشی یەك دوو هاوڕێمان دانیشتبووین لە کات ژمێر دە و سی دەقیقەی شەوەوە تا کاتژمێر 1ی شەو ...بە حوکمی ئەوەی کە من چەند مانگێك بوو ئەو هاوڕیانەم نەبینی بوو پێمان خۆشبوو بۆخۆمان چەند قسەیەك بکەین و فەترەیەك بەیەکەوە بمێنینەوە ,ئێمەش دووای ئەوەی کە چەند کاتژمێرێك بە یەکەوە ماینەوە ,,, پاشان ویستمان بەرەو ماڵەوە بڕۆین بەڵام هەر لەگەڵ ئەوەی لە شوێنی ئیشەکەمان هاتینە دەرەوە لە چەند لاوە ئاسایش دایان بەسەرماندا و کە چەند کەسێکیان سەروچاوی خۆیان هەڵبەستبوو و نەدەناسرانەوە ...سەرەتا کەهاتنە لامان بە تووڕەبونێکی زۆر و بە ئسلوبێکی زۆر زۆر جنێو فرۆشانە مامەڵەیان کردین و پاشان شوێنی ئیشی ئەو یەك دووبرادەرەم گەڕان کە شوێنی ئیشەکەیان کارگەیەکی دارتاشی بوو ,, پشکنیان و دوواتر کەوتنە پشکنینی سەیارەکەمان و ئەتووت لە تەمەنیانا ئۆتۆمبیلیان نەبینیوە بە شێوەیەکی زۆر ناشرینانە درگای سەیارەکەیان دەکردەوەو پێوەیان دەدا و وە لەکاتی ئەو کەڕانەدا بەردەوام جنێویان دەدا و سوکایەتیان دەکرد و بەڕاست و بە چەپدا شەق و بۆکز و زللەیان دەوەشاند .

هەر ئەوەندەی پرسیارێکمان کرد بۆ وامان لێدەکەن سەبەبەکەی چییە ....بەڵام جوابی هێزە سەرکوتگەرەکانی یەکێتی شەق و بۆکزبوو بۆمان و وە دوواتر داوای هەوییەییەیان لە کاوان عومەر کرد ئەویش هەویەو ئیجازەی سایەقی پێدان و ..لێیان پرسیی ناوت چییە ئەویش لەوەڵامدا وتی لە و هەییەیەی بەدەستەوەیە تیایا نوسراوە ...هەر ئەوەندەی وای ووت بە قۆناغە تفەنگ دایانگرتەوە و بە بۆکز و شەق دایان گرتەوە و دەم و لوتیان پرکرد لە خوێن و کەوتە ژێر پێیانەوە وپاشان هەڵیانگرت و هەر بە فڕێدان فڕیاندایە دوای پیکابێکەوە کە دووای پیکابەکە سێ بتل غازی تێدابوو کە چەند کەسێکیان دەیانووت ئەو بتڵە غازەی پیابکێشن و هەندێکیشیان دەیان ووت بەوو بتڵەغازەوە بیبەستنەوە ... جۆری پیکابەکە( نیسانیکی دەبڵ کابینە بوو ژمارەی پیکابەکەش 22351 عیراق –سلێمانی) بوو بەڵام بە هۆی ئەوەی کە شەو بوو وە ڕەقەمی سەیارەکە تۆزێك کاڵ بوبووەوە ئەو ژمارە 3 ی کە کەوتۆتە ناوەڕاستی ڕەقەمەکەوە تۆزێك بەگومانم لێی .....بەڵام دووای ئەوەی کە نزیك بە یەك کاتژمێر ئێمەیان ڕاگرت ,,,وەك کابرای کوردە دەڵی ئەوەی ناوترا هێزە دەم پیسەکانی ئاسایشی یەکێتی نیشتیمانی بە دەمیاندا هات و پڕ جنێوی ناشرینیان کردین .... بە کورتییەکەی ئەوەی پییان کرا کردیان ووتیان دە بڕۆن دەی ... جا ئەمەش بۆ ئێمەش نازانین بۆ وایان کرد و سەبەبەکەی چی بوو وە یاخود تاوانی ئێمە چی بوو .... بەڵام بەهەرحاڵ ئەمە ئەو ڕەفتارە جوانانەن کە هێزەکانی ئاسایش دەیکەن و ئەمە ئەو ڕەفتارە جوانانەن کە تاڵەبانی چاوی خەڵکی پێ کوێر دەکات و دەڵێت دەبێ هێزەکانی ئاسایش دەست پاك و دەم پاك ڕەفتاری چاك بنوێنن.....

ڕێبین فاروق- سلێمانی